# له توندوتیژییه‌وه‌ بۆ لێبوردن و میهره‌بانی

ئا: زیاد ره‌شاد

**ته‌وه‌ره‌ی 1**

توندوتیژی وه‌ك دیارده‌یه‌كی جیهانی به‌ گشت فۆرمه‌كانییه‌وه‌ و له‌سه‌ر هه‌موو ئاسته‌كانییه‌وه‌، یه‌كێكه‌ له‌و كلتوره‌ ناشیرین و دیارده‌ مه‌ترسیدارانه‌ی كه‌ هه‌ڕه‌شه‌یه‌كی گه‌وره‌ له‌ ئاشته‌وایی و پێكه‌وه‌ژیان و پێشكه‌وتن و مۆدێلی لێكبوردن ده‌كات، ئه‌گه‌ر پشێوی و ته‌نگژه‌ی سیاسی و پاشاگه‌ردانی له‌ حوكمڕانیدا رووی له‌ هه‌ر ولاتێك كرد، ئه‌وا كێرفی توندوتیژیی سیاسی به‌ره‌و هه‌لْكشانی زیاتر ده‌چێت، هه‌روه‌ها ئه‌و فۆرمه‌ی توندوتیژیی سیاسی كه‌ زۆر جار له‌ قوتابخانه‌ و ناو بازنه‌ی خێزان و چوار دیواری مالْ و یه‌كه‌ كۆمه‌لایه‌تییه‌كانی دیكه‌دا روو ده‌دات، قوربانیی زۆرتر و گه‌وره‌تری له‌ توندوتیژیی سیاسی لێ ده‌كه‌وێته‌وه‌، بۆ نمونه‌ له‌ كوردستان رۆژانه‌ له‌ رووپه‌ڕه‌ی رۆژنامه‌كاندا ده‌خوێنینه‌وه‌، كه‌ فلانه‌ ژن خۆی سوتاند، فیسار پیاو خێزانه‌كه‌ی خۆ ی كوشت، برایه‌ك خوشكه‌كه‌ی خنكاند، ئه‌و مامۆستایه‌ وای به‌ قوتابییه‌كه‌ی كرد و ... هتد، پرسیار ئه‌وه‌یه‌:

- مۆتیف و هۆكاره‌كانی ئه‌م دلْڕه‌قی و قه‌ساوه‌ته‌ چییه‌ و كێ لێی به‌رپرسیاره‌؟ توندوتیژی به‌ شێوه‌یه‌كی گشتی له‌ چ ژینگه‌ و سه‌ر زه‌مینێكدا زیاتر سه‌وز ده‌بێ و گه‌شه‌ ده‌كات!

ئه‌ی ماك و ئاسه‌واره‌ ده‌روونی و كۆمه‌لایه‌تییه‌كانی توندوتیژی چیین؟ چی بكرێ باشه‌ بۆ به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی كلتوری توندوتیژی له‌ كۆمه‌لْی كورده‌واریدا؟

هه‌روه‌ها كامانه‌ن ئه‌و رێ و شوێنه‌ عه‌مه‌لی و په‌سه‌ندانه‌ی به‌ پێویست ده‌بینرێ بۆ بلاوبوونه‌وه‌ی كلتوری لێكبوردن و چاندنی تۆوی میهره‌بانی و مرونه‌ت له‌ ولاتی ئێمه‌دا؟ ئایا له‌ هیچ زه‌مانێكدا توندوتیژیی ئیجابی و مه‌شروع هه‌بووه‌ و هه‌یه‌؟ ئه‌ی مرۆڤ به‌ ته‌بیعه‌ت بوونه‌وه‌رێكی توندو تیژخوازه‌ یا به‌ پێچه‌وانه‌وه‌؟

بۆ قسه‌ كردن له‌م بابه‌ته‌و وه‌لامدانه‌وه‌ی ئه‌م پرسیارانه‌ ، رۆژنامه‌ی یه‌كگرتوو ژماره‌یه‌ك نووسه‌ر رۆشنبیر و رۆژنامه‌نووس ده‌دوێنێت ...

له‌ ئه‌لْقه‌ی ئه‌مجاره‌دا ده‌قی وه‌لامی ئه‌بوبه‌كر عه‌لی (نووسه‌ر و رۆشنبیر ) ده‌خوێنیته‌وه‌ :

**ئه‌بوبه‌كر عه‌لی (نووسه‌ر و رۆشنبیر):**

توندوتیژی یه‌كێكه‌ له‌و دیاردانه‌ی هه‌ر له‌ به‌ره‌به‌یانی مێژووی مرۆڤایه‌تییه‌وه‌ و شان به‌ شانی ژیان و پێشكه‌وتنی مرۆڤ له‌ ئارادا بووه‌، گه‌ر بگه‌ڕێینه‌وه‌ بۆ ته‌فسیره‌ ئاینییه‌كه‌، ده‌بینین كوڕێكی ئاده‌م (سلاوی خوای لێ بێ) كوڕێكی تری ده‌كوژێ و به‌مه‌ش یه‌كه‌م خوێنڕشتنی ناڕه‌وا له‌ چوارچێوه‌ی خێزانێكدا و له‌ مێژووی به‌شه‌ریه‌تدا روو ده‌دات، گه‌ر له‌ دیدی مێژوونووسانی شارستانی و شه‌ڕ و ململانێكانیشه‌وه‌ بڕوانینه‌ رابردووی مرۆڤ له‌ سه‌ر ئه‌م زه‌وییه‌دا، دیسانه‌وه‌ گوێبیستی داستانێكی خوێناویی دوورو درێژ ده‌بین به‌ جۆرێ ره‌نگه‌ لاپه‌ڕه‌كانی توندوتیژی و سور به‌ خوێن له‌ مێژوودا له‌ لاپه‌ڕه‌ سپی و ئاشتی ئامێزه‌كان زێده‌تر بن، ئه‌م پانتاییه‌ گه‌وره‌ و ترسناكه‌ له‌ توندوتیژی و زنجیره‌ به‌رده‌وامه‌كانی خوێنڕێژیی مرۆڤ به‌رامبه‌ر به‌ مرۆڤ له‌ قۆناغه‌ جۆراوجۆره‌كانی مێژوودا، له‌ كۆن و نوێدا وایان له‌ هه‌ندێ بیرمه‌ند و خاوه‌ن ئه‌ندێشه‌ و تێڕامانی فه‌لسه‌فی و زانستی كردووه‌ كه‌ حوكمێكی قورس به‌سه‌ر مرۆڤدا بده‌ن و پێیان وا بێت كه‌ ئه‌م كائینه‌ هه‌ر له‌ سه‌ره‌تاوه‌ و به‌ زگماك و له‌ ناخدا شه‌ڕخواز و خوێنڕێژ و ده‌ستدرێژیكار و خۆپه‌رسته‌ و چاوی به‌ خێر و خۆشی و چاكه‌ی هاوڕه‌گه‌زه‌كانی هه‌لْنایه‌ و ده‌خوازێت بیانخاته‌ ژێر ركێفی خۆیه‌وه‌ و به‌ قازانجی به‌رژه‌وه‌ندیی ناڕه‌وای خۆی بیانچه‌وسێنێته‌وه‌، دیارترین نوێنه‌رانی ئه‌م بیركردنه‌وه‌یه‌ش له‌ نێوان بیرمه‌نده‌ نوێیه‌كاندا (هۆبز) و (فرۆید)ه‌.

(هۆبز) ناشیرینترین سیفه‌ت ده‌داته‌ پالْ مرۆڤ و به‌ خۆپه‌رست و چاوچنۆك و بێ وه‌فا و خراپه‌كار ده‌یداته‌ قه‌لْه‌م.

(فرۆید)یش پێی وایه‌ كه‌ هه‌میشه‌ پرۆژه‌ی شه‌ڕێكی ئاماده‌ له‌ ده‌روونی مرۆڤدا ئاماده‌یه‌ و هه‌ستی ده‌ستدرێژیكاری ره‌گ و

ریشەی قووڵی لە دەروون و قەوارەی سۆزداری و نەستی ئەودا هەیە، بەڵکو مردن رەمەکێکە و مرۆڤ بە ناڕاستەوخۆ هەوڵی بۆ دەدا و حەزێ لە حەزە ئەزەلییەکانی تێر بکات.

ئەم بیرکردنەوە کە دەنگدانەوەی لە نێو زانایانی ئیسلامی و مێژووشدا هەیە و لەم وتارە کورتەدا بواری گەڕانەوەمان بۆ سەر بیروڕاکانیان نییە، توندوتیژی دەکەن بە (قەدەر)ێکی خۆڵێ نەبوێرراو و لە دیاردەیەکی مێژوویی دەریدەکەن و دەیبەستنەوە بە قوڵایی پێکهاتەی دەروونی و عەقڵی و مرۆڤەوە و، بەمەش دەیکەن بە بەشێکی گرنگی مێژوو لە قۆناغە جیاوازەکاندا.

هەرکەسێ بگەڕێتەوە بۆ ئەدەبیاتی سەدەکانی ناوەڕاستی دنیای ئیسلامی و هەندێ لەو فەتوایانەی کە دراون، یاخود بگەڕێتەوە بۆ بەشێکی گرنگ لەو فیکر و ئەدەبیاتەی پێش جەنگی جیهانیی یەکەم کە لە ئەوروپا بەدیهاتووە، تێدەگات کە چ هەوڵێ دراوە بۆ بەپیرۆزکردنی توندوتیژی و شەڕ و جەنگ، چ واتایەکی ئەخلاقی و رۆحیی گەورەی پێ بەخشراوە، دیارە مارکسیزم و ناسیۆنالیزمیش ئەم رەوتەیان بە تێزەکانی خۆیان گەیاندە لوتکە و ئێستاش چەندین گروپی ئیسلامی لە پاڵ چەندین سوپای رەسمیدا لە ژێر دروشمە پیرۆزەکان و ئامانجە باڵاکاندا ئەم گۆمە مێژووییەیان بە سوری هێشتووەتەوە.

بەڵام رەنگە باسکردن لە توندوتیژی بەو واتایەی ئێستا لە نێوەندە فکری و ئەکادیمییەکاندا زاڵە، بە پلەی یەکەم ئەو توندوتیژییە نەگرێتەوە کە لە شەڕە فەرمییەکاندا بەکار دەبرێت، بەڵکو ئەو هێزەی لەوێدا بەکار دەبرێن زیاتر بە زەبرو زەنگ بەناوبانگە، توندوتیژی بەم مانا باوەی ئێستا زیاتر لە کردە تیرۆریستییەکان و توندوتیژییە خێزانی و گروپییە ناوخۆییەکاندا بەرجەسەتە دەبێت، دیارە زۆر رواڵەتی تریشی هەیە. توندوتیژی بەم دابەشکردن و پێناسەکردنەش لەخۆگری چەمکی زۆرلێکردنە لە نێو کایەی پەیوەندییە مرۆییەکاندا، بە گوتەی (دکتۆر سروش) لە هەرکوێ زۆرلێکردن هەبوو، لەوێ توندوتیژی هەیە. لێرەشەوە دەبێ تێگەیشتنمان بۆ توندوتیژی فراوانتر بکەین و لە چوارچێوەی جەنگ و خوێنرێژی و تەنانەت ئازاری فیزیکی و جەستەییشدا قەتیسی نەکەین، چونکە کەم نین ژمارەی ئەو مرۆڤە کلۆڵانەی بە رواڵەت جەستەیان نەبووەتە کێڵگەی زامەکان و شوێنی قامچییان بەسەر شانەوە نییە، کەچی لە هەمان کاتدا سوکایەتی و ئازاردانی دەروونی و ناچارکردنیان بە ملدان بە هەندێ پیشە و هەڵوێست و رەفتار، لە ناخەوە رۆحیان داخ کراوە و رووخێنراون و جەزرەبەی دنیایان پێ کێشراوە، ئەگەر دەسەڵات بە گوێرەی تیۆریەکەی (فوکۆ) لە سەردەمی ئێمەدا تۆڕێکی فراوان و ئاڵۆز بێ و، شۆڕ بووبێتەوە بۆ ناو کایە جۆراوجۆرەکانی ژیان و پەیوەندییە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکان و، دەسەڵاتیش هەمیشە هاوشان بێ بە جۆرێ لە جۆرەکانی ملکەچی پێکردن و توندوتیژی ـ ئاشکرا یاخود شاراوە ـ ئەوا دەتوانین کەمێ هۆشمان بەلای چەند شێوازی شاراوە و مەعنەویی توندوتیژیدا بەرین، کە ئاسەوارە دەروونییەکانی هیچی وای کەمتر نییە لەو فۆرمە لە توندوتیژی کە لە سەر جەستە مومارەسە دەکرێن و، دەتوانی بە چاو ببینی و قوربانییەکەشی ئاشکرایە.

ئەم توندوتیژییەش بەم رەگ و ریشە قووڵەوە، روونە دیاردەیەکی فرە رەهەند و فرە دەرکەوتیشە، گەر واز لەو راڤە رەشبینکەرەش بێنین کە توندوتیژی دەبەستێتەوە بە زگماك و سروشتی مرۆڤەوە و بەمەش دەیکات بە پێدراوێکی سروشتیی ژیان و دەبێ هەڵکەین لەگەڵیدا، کە خودی ئەم بۆچوونە لە روویەکەوە پاساو بۆ شەڕ و مومارەسەکردنەکانی تری توندوتیژی دەهێنێتەوە و لە روویەکی تریشەوە پێشنیاری دەسەڵاتێکی بەهێز و کۆنترۆڵکەر و خاوەن زەبر دەکات بۆ سنوردارکردنی هەستە شەڕخوازییەکانی مرۆڤ و هەڵنەوەشاندنەوەی کۆمەڵگا و دروستنەبوونی فەوزا، ئەوا دەبێت بۆ دەستخستنە سەر رەگ و ریشە و هۆکارەکانی توندوتیژی دەست بۆ زیاتر لە تیۆرێك بەرین، چونکە توندوتیژی گەر لە روویەکەوە پەیوەندیی بە هەندێ هەستی دەروونییەوە هەبێت و سەرچاوە لە هەستەکانی وەك ئێرەیی و خۆپەرستی و هەراڵی و... هتدەوە بگرێت، بۆ ئەوەی پێویستمان بە دەروونناسی و ئامراز و تیۆرەکانی هەبێت بۆ لێکدانەوەی دیاردەکە، ئەوا لە روویەکی ترەوە بۆ نیشاندانی رووکارە کۆمەڵایەتییەکەی و هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان پێویستمان بە تیۆرە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، لە پاڵ ئەمانیشدا هۆکارە سیاسی و ئابوورییەکان، جەنجاڵیی ژیانی سەردەم رۆڵی خۆیان هەیە لە دروستکردنی توندوتیژیدا.

دیارە دەبێ سەرەتایەکی گشتی و بنەڕەتی بۆ قسەکردن و لێکدانەوەی چارەسەرکردنی توندوتیژی دەستنیشان بکەین، کە بە بڕوای ئێمەش ئەو سەرەتایە باوەڕبوونە بەوەی کە مرۆڤ لە بنەڕەتدا شەڕخواز و توندوتیژ نییە، بەڵام تۆوی ئەوەی تێدایە هەروەك چۆن تۆوی چاکەخوازی و میهرەبانی و ئاشتیخوازیشی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە :( قَدْ أَفْلَحَ مَن زَكَّاهَا ★ وَقَدْ خَابَ مَن دَسَّاهَا).

بۆیە ئێمە دەتوانین بە حوکمی پەروەردە و چاککردنی هەلومەرجەکانی ژیان و کەمکردنەوە لە ستەمی داب و نەریتەکان و دوورکەوتنەوە لە لێکدانەوە ئاینی و ئایدۆلۆژی و هەڵەکان و شەڕکردن لەگەڵ ماکەکانی خراپەکاری وەك هەژاری و نایەکسانی و بێبەشی لە توندوتیژی، توندوتیژی کەم کەینەوە، گەر سەرنجیش بدەن لێرەدا ئێمە باسی کەمکردنەوەی توندوتیژیمان کرد نەك بنبڕکردنی، چونکە بە سەیرکردنی مێژوو ئاڵۆزییەکانی سەردەم و گرفتە کەڵەکەبووەکان و دابەشکردنە سەختەکان و فشارە دەروونییە روو لەزیادبووەکان و زۆر شتی تر، دەگەینە ئەو قەناعەتەی کە رەنگە گەیشتن بەو ساتەوەختەی مرۆڤایەتی و ژیان و کۆمەڵگەکان بە تەواوی بەتاڵ بکرێتەوە لە توندوتیژی، هەروا کارێکی سانا نەبێت، بەڵام دەشێ ئەم ئامانجە وەکو (یۆتۆپیا)یەك بمێنێ بۆ ئەوەی هەمیشە سەرچاوەی ئیلهامی خۆتازەکردنەوە و ئاسۆکردنەوە و بەرەوپێشبردنی خەبات دژی توندوتیژی بێت، بەڵام نابێ خۆی بکرێتە ئامانجێکی هەنووکەیی یاخود مەیدانی، چونکە شتێکی لەو جۆرە خراپە بۆ سەر رەوتی خەباتی ئاشتیخوازانە و دژایەتیکردنی توندوتیژی دەشکێتەوە و مرۆڤ بەرەو نائومێدی دەبات.

گرنگ ئەوەیە هەوڵ بدرێت توندوتیژی تا ئەوپەڕی ئەوەی دەکرێت پاشەکشە پێ بکرێت و کەم بکرێتەوە.

قسەکردن دەربارەی کۆمەڵگەی کوردیش لە پاڵ توندوتیژیدا لە وتارێکی بچووکدا، وا دەکات کە ناونیشانی یاخود هێڵی گشتی زیاتر دەرنەچێت، کوردەوارییەك کە ساڵەهای ساڵە بووەتە قوربانیی توندوتژی و سەرەڕای ئازاردانی دوژمنانی خۆشی بە جۆرەها شێوە ئازاری خۆی داوە و لەسەر جەستەی داغانکراوی شایی بێهودەیی خۆی گێڕاوە، کوردەوارییەك لە حاڵەکاتی راگوزەری و ململانێی نێوان مۆدێرنەو سوننەت، هەروەها وڵات و کۆمەڵگایەك کە تاکو ئێستا دامودەزگاکانی سەقامگیر نەبوون و دانەمەزراون.

لە وڵاتێکی لەم جۆرەدا دامەزراندنی دامەزراوە سیاسییەکان و هەنگاونان بەرەو رازیبوون بە سەرەتاکانی دیموکراسی و فرەیی و ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵات و ریفۆمکردنی ژیانی حیزبی و بێلایەنیی حکومەت و کەمکردنەوەی نایەکسانی و ناعەدالەتییەکانی کۆمەڵگا و پاراستنی کۆمەڵگا لە شەڕی ئایدۆلۆژی لە وێنەی شەڕی ئیسلامی و عەلمانی و تازەکردنەوەی دامودەزگاکانی کۆمەڵگا و یەکتر تەواوکردنی نێوانیان، لە پاڵ سەروەریی یاسا و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵایەتی و دژایەتیی داب و نەریتە بەسەرچووەکان و خۆ ون نەکردن و لەبیرنەکردنی کەسێتی لە ژێر سایەی شاڵاوی فەرهەنگی جیهانی، بێ ئەوەی ئەمە لە دوور و نزیکەوە مانای دژایەتیکردنی ئەو فەرهەنگە بێت، ئەمانە لە پاڵ نائومێدکردنی هەر کەس و لایەنێ لەوەی لە بەرکارهێنانی توندوتیژی سود وەربگرێت و قەدەغەکردنی دیاردەی چەکداری لە دەرەوەی یاسا و دامەزراوە رەسمییەکانەوە و، پاراستنی ماف و هاووڵاتییەتی یەکسان و رەچاوکردنی رەهەندەکانی کەسێتیی کوردستان لە دارشتنی سیاسەتەکان و ئازادی و مافی تەواوی سەرجەم نەتەوە و ئایین و مەزهەب و رێبازە سیاسییەکان و چەندین شتی تر، دەتوانین خزمەت بە کەمکردنەوەی توندوتیژی بکەن لە کۆمەڵگای کوردستاندا.